# ئەگەر بەو شێوە بێت کە باست کرد، وەکو ئەوە وایە خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد بدەیت، وبەردەوام لە لایەن خوای گەورەوە یارمەتی وپشتیوانت بۆ هەیە لە بەرامبەر ئەوان ئەگەر تۆ هەر بەو شێوەیە بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من کەسانێکی نزیک وخزمم هەیە، وپەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنم بەڵام ئەوان دەیپچڕێنن، وبەرامبەریان چاکم بەڵام ئەوان بەرامبەر من خراپن، ولە سەریان ئارام دەگرم وئەوان خراپە دەکەن بەرامبەرم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئەگەر بەو شێوە بێت کە باست کرد، وەکو ئەوە وایە خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد بدەیت، وبەردەوام لە لایەن خوای گەورەوە یارمەتی وپشتیوانت بۆ هەیە لە بەرامبەر ئەوان ئەگەر تۆ هەر بەو شێوەیە بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پیاوێك سکاڵای هێنایە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەوەی ئەو بە جوانی مامەڵە دەکات لەگەڵ چەند خزم وکەسێکی نزیکی بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوەن؛ سەردانیان دەکات ودەچێت بۆ لایان بەڵام ئەوان پەیوەندی دەپچڕێنن، وچاکەکار و وەفادارە بەرامبەریان بە پێچەوانەوە ئەوان خراپەکارن وبەرامبەری وشکن وستەمی لێدەکەن، وئارامگرە لەسەریان ولێیان دەبوورێت بەڵام ئەوان دەرهەقی نەفامی دەکەن بە قسە وکردەوە، ئایا بەردەوام بێت لەسەر سەردانی کردنیان لەگەڵ ئەوەی باسکرا؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە باست کرد ئەوا تۆ سەرشۆڕ وڕسوایان دەکەیت لە نەفسی خۆیاندا، وەکو ئەوە وایە خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد بدەیت؛ بەهۆی زۆری چاکەکانت وخراپی وناشیرینی کردەوەکانیان، بەردەوام لەلایەن الله وە یارمەتیدەرت هەیە بەرامبەریان، وبەرگریت لێدەکات لەئاست ئازاریان ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەسەر چاکەکاریت لەگەڵیان بەو شێوەی باست کرد، وئەوان بەردەوام بن لەسەر خراپەکاریان بەرامبەرت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3863

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee